www.kurdistannet.org

# *خۆرئاوایی*

## خوێندنەوەیەکی وتاری "خۆرهەڵاتی" لە گۆڤاری "سپی تر"دا

*وریا ڕەحمانی، بۆکان*

لە ژمارەیەکی گۆڤاری "سپی تر"دا، وتارێك لەژێر سەردێری "خۆرهەڵاتیی" لە نووسینی ئامانج عەزیز کەندی، کە وێدەچێ ڕەخنەیەك بێ لەسەر کورتیلە چیرۆکی "میداڵ"ی کاك کەریمی ڕەحیمی، کە لە ژمارە ٢/٣ی گۆڤاری "خۆر"دا بڵاوکرابۆوە، چاپ کراوە. پاش خوێندنەوەی نووسراوەکە، هەستم بە هەندێك هەڵەی فیکری و میتۆدی کرد کە لە درێژەی باسەکەدا هەوڵ دەدەم بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە پەنجەیەکی لێوردبوونەوەیان لەسەر دانێم.

ئەوەی کە ڕاستییە من هەرگیز لە خوێندنەوەی ئەم دەقەدا هەستم بە بەرامبەربوونەوە لەگەڵ دەقێکی ڕەخنەیی (یان لانی کەم ڕەخنەیەکی شیاو و ئەمرۆیی) نەکرد و لە بەردەوامی خوێندنەوەکەمدا لەگەڵ کۆمەڵێك پارادۆکسی دالی و تێنەگەیشتنێکی زۆر – لە،هەم چیرۆکەکە و هەمیش دەقصکی ڕەخنەیی- ڕووبەڕوو بوومەوە.

دەرهەرحاڵ ئەم نووسینە بۆ شیکردنەوەی هەندێك لە لایەنە لاواز و نەپەیوەندیدارەکانی دەقەکەیە، کە بە پێی توانا باسیان دەکەین.

لە ڕاستیدا کەسێك کە بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە دەقی "خۆرهەڵاتیی" خوێندبێتەوە بە خێرایی هەست بەوە دەکات کە بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیوە خۆی لە دەقێکی ڕەخنەیی و لێکدانەوەیەکی شیاو و ئەمرۆیی نزیك بکاتەوە و تێدەگات کە ئەم نووسراوەیە تەنیا بە مەبەستی پێداهەڵگوتن بەسەر چیرۆکەکە (و لە هەندێك جێدا تەنانەت چیرۆکنووسیش)دا نووسراوە کە بە هەندێك پێش زەمینەی فیکرییەوە، هەرگیز لە هەوڵی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی چیرۆکەکەدا نەبووە.

www.kurdistannet.org

نووسەری "خۆرهەڵاتیی" نەیتوانیوە میتۆدێکی ڕەخنەگرانەی درووست کە لە ڕاستای لێکدانەوەی چیرۆکەکەدا بێ بۆ خۆی دەستەبەر بکات و سەرلێشێوانە و سەرپێیی بە پێی تێگەیشتن و دەسەڵاتی خۆی ئەم دەقەی لێکداوەتەوە، کە بە ڕاستی هەڵگری تێڕامان و خوێندنەوەیەکی زیاتر و وردبینانەترە.

لە ڕاستیدا نووسەری "خۆرهەڵاتی" لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا بە هۆگەلی یەکەم: تێنەگەیشتن لە خودی دەقەکە و دووهەم: لە چەمکی ڕەخنە و سێیەمیش: نائاشنابوون لەگەڵ شێوازەکانی ڕەخنە، نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی شیاو و پڕ بە پێستی چیرۆکەکە بەرهەم بێنێ.

لە هەرە گرفتە زەق و بەرچاوەکانی ئەم دەقە و زۆری دیکەش لەم چەشنە ئەوەیە کە خوێنەر و تەنانەت خودی نووسەریش نازانن کە دەقە ئەدەبییەکە بە کامیەك لە تەوەرەکانی ڕەخنە هەڵدەسەنگێندرێ و لێکدانەوەی چیرۆکەکە لەسەر ئەساسی کامە شێواز و میتۆدی ڕەخنەیی دامەزراوە.

بۆ نموونە لە هەندێك شوێنی ئەم دەقەدا بە دیدێکی نووسەرمحوەریانە و لە هەندێك شوێندا بە دیدێکی فۆرمالیستی و لە هەندێك شوێندا بە دیدێکی دیاردەناسانە و لە هەندێك شوێنی تریشدا بە دیدێکی هێرمنۆتیکانەوە چیرۆکەکە لێکدەدرێتەوە. لە زۆریەك لە شوێنەکانی وتاری "خۆرهەڵاتیی"دا، نوسەر بە ئەمقەست دەیەوێ کە شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە و لەم ڕەهەندەشەوە بازبداتە سەر هەندێك باس و لێکۆڵینەوەی دەرە دەقی (فەرامەتنی) و لە چوارچێوەی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی لادەدا و غەدرێکی گەورە لە چیرۆکەکە دەکات.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە هیچ چەشنە نیشانەیەك بۆ ئەوەی کە ئەم چیرۆکە بە ناوچەیەکی تایبەت و دیاریکراوەوە ببەستێتەوە، نیە.

پڕ دیارە کە من نامەوێ لەم دەرفەتە ناسك و کورتەدا، نووسەری بەڕێزی "خۆرهەڵاتیی" فێری ڕەخنە بکەم، یان ئەوەی کە لەگەڵ دەستنیشانکردنی هەڵەکانی نووسەر شێوەی درووستی لێکدانەوە و بەرامبەربوونەوەی لەگەڵ دەقێکی ئەدەبی لەم جۆرەدا پێ نیشان دەم. کەچی مەبەستم ئەوەیە، ئەم شتانەی کە لە نووسراوەکەدا حاشاهەڵنەگرانە هەڵەن و نادرووست هاتوونەتە سەر کاغەز نیشان دەم و وەك پاڕانەوە لە هەموو ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی کە نووسینەکانیان بەم قۆناغەدا تێدەپەڕێ داوا بکەم کە بەمجۆرە غەدر لە ئەدەبیات و نووسین نەکەن و بەمشێوە بوێرانە دەستی نەدەنێ.

تەواوەتی ئەوانە لە لایەکەوە و ئەوەی کە نووسەری بەڕێزی "خۆرهەڵاتیی" پێی وایە کە دەبێ چیرۆکەکەمان بۆ ماناش بکاتەوە گرفتێکی گەورەترە وبە کەمگرتنی دەوری خوێنەر و ڕەخنەگرانی تر

**دەگەیێنێ،کە پێی وابێ بەمجۆرە بڕیاردەرانە دەتوانێ دەقێکی ئەدەبیی وەك "میداڵ بکوژێ. ئەوەش بڵێم کە مەبەست لە ڕەخنە و خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی هەرگیز بە واتای ماناکردنەوەی نییە، بەڵکو ڕەخنە شێواز و میتۆدی خۆی هەیە و کەسانێك کە لەم بەستێنەدا کاریان کردبێ و خوێندنەوەیان لە سەری بووبێ، دەرکی ئەم ڕاستییە دەکەن.**

**نووسەر لە یەکەم دێڕەکانی لێکدانەوەکەیدا، بەربوونەوەی میداڵ ئاماژە بە داڕمانی سیستمێك دەزانێ کە میداڵ لە سینگی جینایەتکارانی خۆی دەدا. هەر لێرەوە دەردەکەوێ کە نووسەر چەندە خوازیاری ئەوەیە لە خۆیەوە لایەنە سیاسیەکانی ئەم چیرۆکە بەرجەستە بکاتەوە. لە حاڵێکدا کە چیرۆکەکە لە دەروونی خۆیدا باس لە جۆرێك لە دەروونناسیی ئینسانەکان دەکات و سەرهەنگیش یەکێك لەوانە. ئەوەش ئەم ڕاستییە زیاتر دەردەخات کە ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیەی نووسەر (بە زۆرەملی) فڕێدانێکی دەلالەتیی یەکجار دەرەدەقیانە و لە واقعی چیرۆکەکە دەترازێ.**

**لە ڕاستیدا، لە هیچ شوێنێکی ئەم چیرۆکەدا شتێکی وای تێدا نییە کە نیشاندەری داڕمانی سیستمێك بێ کە سەرهەنگ تێیدا هەڵدەسوڕێ و چالاکی بۆ نیشان داوە یان ئەوەی کە سەرهەنگ خۆی بەو قەناعەتە گەیشتبێ. بەربوونەوەی میداڵ لە گشتەی چیرۆکەکەدا هۆکارێکە بۆ فلاشبەك خواردنەوەی زەینی سەرهەنگ و لە دیدی ڕاوی (گێڕەر)یشەوە لە شانازی خاڵیبوونی میداڵەکە دەگەیێنێ. یان لەوانەشە دەلالەت لە بەرە و کۆتایی هاتنی ژیانی سەرهەنگ بکات.**

**سەبارەت بەم شوێنەی کە سەرهەنگ بە جۆرێکی کڕنۆشبەرانەوە دەست دەبات بۆ هەڵگرتنەوەی میداڵەکەی، نووسەری "خۆرهەڵاتیی" دەڵێ کە ئەوە ژیانی نیزامیی سەرهەنگ دەگەیێنێ و لە درێژەی باسەکەیدا وا نیشان دەدات کە وەرگرتنی میداڵ بۆ سەرهەنگ لە ڕاستای کڕنۆش بردنەکانیدا بووە.**

**کە تەواو هەڵەیە، ئەو کڕنۆش بۆ میداڵێك دەبات کە لە ڕوانگەی خۆیەوە شانازییەکی زۆری تێدایە و بە ڕێزەوە بۆی دەڕوانێ. میداڵیشی لە پێناو بەکارهاتوویی و ئازایەتیەکانی لە جەرگەی شەڕدا پێدراوە و لە درێژەی چیرۆکەکەشدا ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ. هەمدیس لە پاش ئەم چەند دێڕەشدا، دووبارە نووسەری بەڕێز دەربازبوونێکی دەرەدەقیانەی تری هەیە و مەسەلەی پێگەی نیزامییەك لەناو گەلانی بندەستدا دێنێتە گۆڕێ و بە خراپ پێناسەکردنی نیزامیی هەر وڵاتێك بە چەمکێکی جوانیناسانە لە نەستماندا باس لێدەکات.**

www.kurdistannet.org

کاك ئامانج له درێژەدا باس له وێکچواندنی دەنگی پشتی سەرهەنگ لەگەڵ گوێزی پوچەڵ دەکات و له پێناو ئەم ڕەهەندەشیدا به بێکاکڵ بوونی ئەم دەرەجەداره که سەرهەنگ بێ، دەگات و دەشڵێ ئەوه مایەی ژیانێتی. بەڵام ئەوەی که ڕاستییه وێکچواندنی دەنگی پشتی سەرهەنگ له گوێزی پوچەڵ، یەکەم: پیری و خانەنشین بوونی سەرهەنگ و دووهەم: ئەگەر هەر بشمانەوێ بێ کاکڵیی شتێکی پێ نیشان بدەین – بێکاکڵیی میداڵەکە له دیدی ڕاوییەوه دەگەیێنێ.

نووسەر، پاش ئەم چەند دێڕه بەوه دەگات که ئەم کاره چەندین هاوشێوه و دژوازی و فرەدەنگی جوانن و ئینجا بێڕەحمانه (زۆر بێڕەحمانەتر له سەرهەنگ که مرۆڤکوژ بووه) هێرش دەباته سەر ئەدەبیات و چیرۆك و به تایبەت کورتیله چیرۆك و دەڵێ: "ئەوه دەبێ تایبەتمەندی هەر کورتیله چیرۆکێك بن". که ئەوەش خۆی له خۆیدا جێی پرسیار و مەخابنێکی یەکجار زۆره، که لەم دنیای نسبی بوونی سەردەمەدا، نووسەری بەڕێزی "خۆرهەڵاتیی" له کوێوه ئەم دەسەڵاتەی پێدراوه، بەمجۆره گشتخوازانەیه، ئەم بڕیاره یاساییانه سەبارەت به ئەدەبی مۆدێرن و کورتیله چیرۆك دەربکا و تایبەتمەندیەکانی هەر کورتیله چیرۆکێکیش دەستەبەرکات.

کاك ئامانج، ئینجا، پەلامار دەداته سەر دێڕی "هی کام پەلاماره؟" و دەڵێ "ئەوه پووچ بوونی گوێزەکە و ناوەڕۆکی ژیانی مەسایەتیەکە پەیوەنددەکا".

کەوا نییه، ئەم دێڕه دەتوانێ نیشاندەری پیری و خانەنشین بوونی ئێستا و چالاکی و هەڵسوڕاوەیی زۆری سەرهەنگ له کۆندا بێ و دێڕەکەی تری ئەوه پڕتر نیشان دەدات. ئەوەمان له بیر نەچێتەوه که لێرەدا کەسایەتیەکە (سەرهەنگ)ه، دەدوص نەك نووسەر، که به داخەوه نووسەری "خۆرهەڵاتیی" ئەم جیاوازییەی چ له ئاستی زمان و ڕوانگەشدا ئەسڵەن لەبەرچاو نەگرتووه.

کاك ئامانج دەڵێ: "سەرهەنگ یەکێك له تایبەتمەندیه هەره دیارەکانی چیرۆکی مۆدێرن ئەوەیه که کەسایەتی ناناسێنێ، بۆئەوەی خوێنەر بتوانێ لەناو کەسایەتی وشەدا کەسایەتی چیرۆك بدۆزێتەوه".

ئەم دێڕەش چەندین هەڵەی زەق و بەرچاوی تێدایه:

یەکەم، ڕستەی یەکەمی ئەم دێڕه له بواری داڕشتنی ڕستەییەوه تەواو نیه و غەڵەته.

دووهەم، نەناساندنی کەسایەتی له چیرۆکدا، هەرگیز له تایبەتمەندیەکانی چیرۆکی مۆدێرن نیه. ئەوەی که نووسەری بەڕێزی "خۆرهەڵاتیی" ڕەنگه له هەوڵی وتنیدا بوویێت، چیرۆکی مینیمال (کورتیله

www.kurdistannet.org

چیرۆك)ە، كە تەنانەت لەویشدا وانیێ كە كەسایەتی نەناسێندریێ، بەڵام بە هۆی كەم و كورت بوونی مەودا و مەجالی چیرۆكی لە كەمترین بواری ناساندن (بەپێی ڕەخسان) كەڵك وەردەگیریێ.

سێیەم، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد، كاك ئامانج دەوری نووسەر و ڕاوی(گێڕەر) و كەسایەتیەكانی نێو چیرۆكەكەی لیێ تێكچووە. ئەگەر ئەم لەبەرخۆوە قسەكردنانەی سەرهەنگ بۆ خۆیەتی (كە هەر واشە)، پێویست بە لێكدانەوەی زیادەی كەسایەتی ئافرەتەكە ناكات، چون ئەوە خۆی لە ناخودئاگای سەرهەنگدا هەیە و سەرهەنگیش خۆی خەیاڵی گێڕانەوەی چیرۆكێكی نیە. ئەوە نووسەرە كە چەند كاتێكی سەرهەنگمان بۆ دەگێڕێتەوە و لێرەشدا نووسەر كەسێكە لە دەرەوەی سەرهەنگ و زانیاریشی سەبارەت بە ئافرەتەكە هەر ئەوەندەیە كە سەرهەنگ لەبەرخۆیەوە دەیدركێنیێ. هەرچەند كە بەمجۆرەش نیە كە كەسایەتیی ئافرەتەكە هەر هیچ نەناسرابیێ.

ئێمە دەزانین كە باسی ئافرەتێكی،جوانی قژڕەش گەنجی بە زەحمەت ڕانەهاتووی بەستەزمانی بەدیل گیراو، لە گۆڕێدایە. لە ڕووی هەڵبژاردن و پاشان بە تاسەوە باس لێكردنی سەرهەنگەوە، دەبیێ جوان بووبیێ و ئەوەی كە بۆ وە دەبیێ چایی بێنیێ و كاربكات، دیارە گەورەیە و بە تەمەنی گەنجێتی گەیشتووە و شوبهاندنی قرپە قرپ شكانی پەراسووی بە قاشكردنی شوتییەك، توردی و تازەیی و بە زەحمەت ڕانەهاتوویی لەشی و گشتەی رستەكەش بیێدەسەڵاتی ئافرەتەكە لە بەرامبەر سەرهەنگدا دەگەیێنیێ. ئەوەی قژڕەش بوونیشی كە بە ڕاشكاوییەوە لە خودی ڕستەكەدا هەیە. ئەوەی كە نووسەری "خۆرهەلاتیی" بە نەناساندنی كەسایەتی زانیوە، ناساندنی ناڕاستەوخۆیانەی كورتی كەسایەتیەكانە بە شێوازێكی مۆدێرن.

كاك ئامانج ئەمجارەیان جێگای سەرهەنگ  باڵادەستەكەی لیێ تێكدەچیێ و كە بە پاراگرافی چوارەمی چیرۆكەكە دەگات پێی وایە ئەوە سەرهەنگە كە میدالیێ بە خۆی دەبەخشیێ و ڕێزلەخۆی دەگریێ. لە حالێكدا كە سەرهەنگ ئێستاش لە حاڵی بیركردنەوەی ڕابردوو و ڕۆژی وەرگرتنی میداڵەكە دایە و ئەو كاتەی وەبیردێتەوە كە باڵادەستەكەی میداڵەكەی ئاراستە دەكات و ئەم چەند دێڕەشی بۆ دەڵیێ كە "بۆ چالاكی و دڵسۆزی" و ولاّت و وەتەن پەرستی ئەم خەلاّتەت پێشكەش دەكەین. بە هێنانی كەلاكی ئەم پێنج چەتە یاغییە سەلماندت...".

كاك ئامانج، لە دوایین دێڕەكانی نووسراوەكەیدا، باس لە ئاوێنە وەك هێمای پاكی بەسەر كارەسات و ڕابردوودا دەكات، وەك ئەوەی كە سەرهەنگ بۆ خۆی هەستی بە ناحەزبوونی كردەوەكانی كردبیێ و

www.kurdistannet.org

پەژیوان بوویێتەوە. سەد هەڵبەت کە ئەم لێکدانەوەیە ناتوانێ دروست بێ و لە ڕاستیشدا لە هیچ کوێی ئەم چیرۆکەدا، تەنانەت دێڕێکیشی، کە نیشانەی پەژیوانی سەرهەنگ لە کردەوەکانی بێت، تێدا نیە و ئەگەریش ئەم بیرەوەرییە بوویێتە هۆی خۆکوشتنی سەرهەنگ کە لەوانەشە وا نەبێ (هەرچەند کە تەواویش ڕەتی ناکەمەوە) لە هەست بە پیربوون کردنەو و ئەوەی کە ئیتر توانای ئەنجامدانی قارەمانیەتیەکانی جارانی تیا نەماوە.

درووستتر ئەوەیە کە بە گەڕانەوەی بۆ یەکەم دێڕی چیرۆکەکە، کە باس لە یاریکردنی توندوتۆڵانەی سەرهەنگ بە دەمانچەکەی دەکات و ئینجا بە وەبیرهاتنەوەی زەمانێکی پڕ لە شانازی و ئازایەتی و لێهاتوویی (لە دیدی خۆیەوە) بۆ سەرهەنگ، وەهەروەها ئەگەری کەوتنە ناو تەم و فەزای ئەو کاتانەوە و بە جۆرێك لە خودبێخودبوونی سەرهەنگ، ئیمکانی لە دەست ترازانی ماشەی دەمانچەکەش بە دوور نەزانین.

سەرهەنگ، بۆ ساتێك بەر لە مردنی، وێنەی کوژراوی خۆی لە ئاوێنەکەدا دەبینێ و ئینجا بەسەر ئاوێنەکەدا دەکەوێ(تخێل دەبێ) و بە پێچەوانەی بۆچوونی کاك ئامانج لەوە ناچێ کە وێنەیەکی تر جیا لەوەی ناو ئاوێنەکە مەبەستی چیرۆکەکە بێت.

ڕەنگە دوور لە ڕاستیش نەبێ کە بڵێین سەرهەنگ مەرگی ڕاستەقینەی خۆی لە دوای ئەودەمانەدا ببینێت. بەڵام نەك بە هۆی هەست بە پەژیوانی لە کردەوەکانی، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە پێی وابێ لە ڕاستیدا پاش ئەم دەورانە ئازایەتی و پڕ لە قارەمانیەتییە ئیتر لە دەروونەدا مردووە و تەنیا لە ڕواڵەتدا دەژی. یان بە جۆرێکی تری بڵێین، کە سەرهەنگ زیندووبوونی ڕاستەقینەی خۆی لە بەڕێوەبردنی ئەرکە نیزامیەکانیدا ببینێ و دەرەنجام بەو قەناعەتە بگات کە لە بێ کەڵکیی ئێستایدا مەرگ سزادارترین خەڵات بێ بۆی.

لە ڕاستیدا لە نووسراوەکەی کاك ئامانجدا گرێدانە دەرەدەقەییەکان هێندە زۆرن کە ئینسان جاری وایە هەست بەوە دەکات کە ڕەنگبێ ئەو نووسراوەیە "خۆرهەڵاتیی" نە لە بارەی ئەم چیرۆکە "چیرۆکی میداڵ" و بەڵکو سەبارەت بە شتێکی تردا نووسرابێت. دێڕە کۆتاییەکانی ئەم دەقە ( لێرەدا ڕووناکی و پاکی و ئەوین سەردەکەون و هێمای شەڕ و خۆفرۆشی و دەست درێژی بەدەستی خۆی لەناو دەچێ و لە بەردەمی ئاوێنەدا تخێل دەبێ)، دەڵێی باس لە هەندێك لە ڕووداوەکانی نێو "شانامە" دەکەن و وێنەیەکی یەکجار "لیریك-حەماسیانە" پێدەبەخشێت، کە فڕیشی بەسەر چیرۆکەکەدا نیە.